# نێچـــــــــــيری هــــــــەفتە

## ڕێگای کوردستان

Alimahmud2001@yahoo.com    عەلی مەحمود

- قــوڕ بەســەر دیموکــراتییەت لەعێراقــی نــوێ چــونکە کوردســتان نمــوونە موفەزەڵەکەیەتی , بە وتەی دوژمنان و ئەهلی تابوری پێنج نا بەڵکە بە دەم خۆیان و بە نووکــی قەڵەمەکانییــان دەڵــێن دۆڕانــدن قەبــوڵ ناکەین بۆیە کورسی دابەشەکەین , بە پــراکتیکیش وایە لە هەولێر قوتابیان خۆپیشاندانەکەن ناهێڵن وێنەیان بگرترێت , لە ســلێمانیش گــوایە چــاڵەکانی ســەر جادەکان نەبێت هۆنگ کۆنگێکە بە پێشکەوتنەکەی و دیموکــراتییەکەی و یاساکەیەوە , کەچی قوتابیان داوای ئاوە کەن نەك عەرشی دەسەڵات تەقــەی دیموکراســیانەیان لێ دەکرێت , ئەوە داوای کورسییان بکردایە بە تۆپی نەمساوی لێیان دەدرا وەك شاری کۆ ؟!.

- لــە لافیتەیەکی کۆڕەك تیلیکۆم لە فلکەی شێستی شاری هەولێر نوسراوە جیهان بچــوك دەکەینەوە , وەڵا تەڕ وایە! بۆیە لە قوشتەپەوە بقیرێنیت دەنگت دەگاتە شار بەڵام بــە ئاسیا سێڵ ناگاتە هەمزە کوێر , لە جیهاندا نەبووە خەتی تەلەفۆن نێوان دوو شاری تەرە فیدرالییەکی دانپێنەنراو نەگات بە یەکتر , ئەمەیە بازاڕی ئازادی راستەقینە بەڵام ئازادی تەنها بۆ پر کردنی گیرفانی بەرپرسان , هەموشییان نا .

- بەو هەموو مانشێت و هەڕەشەیە بوایە کورد تا دوا فاریزەی بریاری 58 جێبەجێ نەکرایا پەنجەی لە مەرەکەب هەڵنەکێشا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك , کەچــی ئــەمجارەش وەك جارەکــان کــە بلقی ژێر ئاو ئاسا هەموو هەڕەشەکان تەقینەوە هیچییان لێ شین نەبوو , پیاو لەخۆی ڕانەبینێت بەردی قورس هەڵگرێت شەرمەزارە بێت . کــورد بەشــداری هەڵــبژاردنە کات لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەبەشداری کوردی هــاوردە بەرامــبەر بە مانەوەی عەرەبی هاوردە , ئاخیرەکەی خێر بێت , کێشەی کورد لە جەبــەل حەمرینەوە بوو بە مادەی پەنجاو هەشت لەوێشەوە بۆ بەشداری کوردی هاوردە لە هەڵبژاردن دواییش خوا گەورەیە بە سێوو پرتەقاڵەکەی نیو سەدە لەمەوپێش ڕازییە بین , کوردستان یان نەمانیش بۆ سەردەمی دەفتەرە دۆلار فلسێك ناکات .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- نــەوزاد شـێخانی کــوردێکه لــه ســەرەتای ڕزگــاری کەرکــوك کاتــێك مەسئوله سیاســییەکان خەریکــی عەلوجینیــزم بوون و به گەڕەك خەتیان له خانوو دەداو به قافڵه ئەڤەلۆنیــیان ڕزگار دەکرد , ئەو دارخورماکان ناو ئەمنی کەرامەی لەڕەگ دەرهێنا , کەچی ئێستا لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی له هەمان باڵەخانه به وێنەی دارخورماوە گەڕایەوە هەمان جێگا , شارەوانی کەلاریش بۆ جوانکردنی ناو شارەکەی شەقامەکانی دارخورما ڕشێنەکات , سیاسییەکان به کردەوە سەلماندویانه پێشڕەوی جەماوەرن ؟؟.

- وەزیری ڕۆشنبیری شاری هەولێر پاش ئەو کۆڕەی بۆ دڵداری شاعیر ڕێکییان خست که تەنها چەند ڕیزێك کورسی پڕ بووەوە هەڕەشەی لەو نوسەرانه کرد که مانگانەی ڕێز لێ نانیــیان هەیــه بــه بــڕینی یارمــەتی ڕێــزلێنانەکانییان بەهــۆی ئامــادە نەبوونییان له کۆڕەکانی وزارەتەکەی , جەنابی وەزیر ئەگەر ئەمەی بۆ سەر بگرێت و یارمەتی به ئامادە بــوونی یــاد و بــۆنەکان ببەســتێتەوە لــه داهاتــوودا دەبێت وەرگرانی ڕێزلێنان شیعر بۆ کەیکــی حەمــەداغا و چیرۆك بۆ سەری سەرکردەو ڕۆمان بۆ ژیانی پارت و ..... بنوسنەوەو بخوێننەوە , خۆزگەم به بازاڕی عوکاز .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com